# توند وتیژی دژ بە ژن، فەرهەنگ یان سیاسەت، کام وەڵام؟

ناسك ئەحمەد

(قسەوباسی ناسك ئەحمەد لە کۆنفرانسی نێونەتەویی توندوتیژی دژ بە ژن لە ستۆکهولم لە رۆژی 3ی سیپتەمبەری 2005)

زۆر سوپاس بۆ ئەم فرسەتە کە داتان بەمن، گەلیك خۆشحالم کە ئەمرۆ لە نێو ئێوەدام.

وەك پرشنگی بەهرامی ووتی قسەوباسکردن لەسەر توندوتیژی دژ بە ژن لەزەتبەخش نییە، بەڵام بەداخەوە توندوتیژی دژ بە ژن ، لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەداری ئەمرۆدا بووە بە سیمای دیار و بەرجەستەی چەوساندنەوەی ژنان. ژنانی دانیشتووی هیچ وولآتیك، تەنانەت مۆدیرنترین و پیشکەوتووترین وولآتانی دنیا لێی بێبەری نین.

ئەوە راستە کە بەدرێژایی ووجودی چەوساندنەوە و ژێردەستەیی ژن لە کۆمەڵگە و سیستمە جیاجیاکاندا توندتیژی دژ بە ژن هەبووە. بەڵام بەم ئەندازەیە و بەم فراوانییە و بەم توندیەی کە ئەمرۆ لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەداریدا شاهیدین، ئەیبینین، ئەیبیستین و هەندیکمان تیایدا دەژین کۆمەڵگەی بەشەری بەخۆوەی نەبینیوە. ئەم دەورەیە کوشتنی ناموسی بەلیشاوی ژنانمان بینی لە وولآتانی جۆراوجۆردا، بەنموونە لە کۆمەڵگەیەکی چوار ملیۆنی وەك کوردستانی عیراق لە 15 سالی رابردوودا نزیك بە شەش هەزار ژن کوژراون. کۆمەڵگەی ئینسانی بۆ چەندین ساڵ دەسەڵاتیکی وەك تالیبانی بینی کە ژیانی هەموو ژنانی ئەفغانستانی لە توندوتیژییەکی بێ وینەدا راگرت کەسەرسوورهینەر بوو لە توندیدا. قەتل وعامی ژنانمان لە یۆغسلافیا بینی، سەربرینی سەدان ژنمان بەدەستی رژیمی بەعس لە عیراق بینی. ئەمرۆ لە چەندین وولآتی عەرەبیدا تا ئیستا قانوونی ئیسلامی کە تەواوی بەند وبرگەکانی پرن لە توندوتیژی دژ بە ژن بەریوەدەبری.... چەندین نموونەی تر کە رادەی توندی ئەو توندوتیژیەمان نیشاندەدات کە ئەمرۆ دژ بە ژن بەریوەدەچێت.

ئەوەی کە لەم سەردەمی پیشکەوتنی تەکنەلۆجیا وزانست وداهێنانی ئینسانیەدا دەیان ملیۆن ژن لە مەملەکەتیکی وەك ئیراندا زیاتر لە 25 ساڵە بەهۆی دەسەڵاتی کۆمەڵێك مەلاوە و بە زەخت وزۆر و فشار، بە زەبری شەلاقکاری وزیندانیکردنی هەزاران ژن مەجبوور بە پۆشینی حیجاب بکرین، ئەوەی لە بەشیك لە وولآتانی عەرەب زماندا ژنان دەبێ بە پۆشینی ئەو چادرانەی کە تەنانەت رێگەی بینین و هەناسەدانی لێگرتوون لە زینداندا بن. ئەمە ئیتر ئەو توند وتیژییە مونەزەم و دەوڵەتیەیە کە کات و رۆژی بۆ نییە، هەموو ساتیکی ژیانی ژن نابووت ئەکات و لە توندوتیژیدا رایئەگرێ. رەنگە هەندیك کەس پیم بلێن حیجاب جل وبەرگە، چ پەیوەندییەکی بە توندوتیژیەوە هەیە؟ راستییەکەی تەسویریکی هەڵە لەسەر تەسنیفکردنی توندوتیژی هەیە، توندوتیژی هەر لێدان وکوشتن وشکەنجەدانی جەسەدی نییە توندوتیژی زۆر فراوانترە لەوەی کە ژنیك رووبەرووی لیدان ئەبیتەوە لەنێو ماڵەکەی خۆیدا. حیجاب یەکیکە لە توندوتیژییە هەرە سەخت وتوندەکان، تەنانەت وەك جەسەدیش حیجاب توندوتیژییە بەرامبەر بە جەسەدی ژن. بەرخوردی روحی توند یان ئیهمالکردن ولەپەراویزدا راگرتنی ژن جۆریکی توندوتیژیە، کە رەنگە ژیان نابووت بکات.

باسێك کە ئەمرۆ من ئەمەویت لەدرگاکەی بدەم ولێی بدوێم، یەکیکە لەو باسانەی کە ئەمرۆ لە مەسەلەی توندوتیژی دژ بەژندا جەدەل وگفتووگۆیەکی زۆری لەسەرە. ریشەی توند وتیژی دژبە ژن چییە؟ سیاسەت یان فەرهەنگ بەرپرسی ئەسلیە لەو توندوتیژییە قووڵەی کە لەکۆمەڵگەکانی وەك عیراق وئیراندا دژ بە ژن بەریوەدەچێ؟ بەبروای من هەر هەڵسوراویکی بزووتنەوەی ژنان لەسەر ئەم مەسەلەیە رۆشن نەبیت ناتوانیت لە پرۆسەی کۆتایی هینان بەتوندوتیژی دژبە ژن هەڵسووراوبیت و کۆمەك بکات.

ببینن، مێژووی کۆمەڵگەی بەشەری، چارەنووسی داهاتووی بەشەریەت و ئینسانەکان سیاسەت ئەینووسێتەوە و سیاسەت دیاری ئەکات وە ئەیگۆرێ. هیچ کاریکی فەرهەنگی چەندە گەورە و زەبەلاح بێت، ناتوانێ ژیانی خەلك و چارەنووسیان بگۆرێ و لەشۆێنیکەوە ببیات بۆ شۆێنیکی تر. مەگەر لەنێو یەك سیاسەتی دیاریکراودا کۆمەك بە بردنەپێشەوەی ئەو سیاسەتە بکات. تەنانەت خودی فەرهەنگ وکلتوریش ریشەی مادی هەیە لە کۆمەڵگەدا، کە سیاسەت ئەتوانێ بیگۆرێ وە کاریگەری لەسەر دانێ.

ئەو قسەیەی کە کردم رەنگە زیاتر لەهەر شتێك بە ژنان و چارەنووسی ژنانەوە بەند بێت. ئەو حکومەت ودەسەڵاتانەی کە لەشەرقدا دەیانهێننە سەر کار، بەرنامەکانیان، جەنگ و رووداوە سیاسیە گەورەکان راستەوخۆ پەیوەندی بە ماف و ئازادییەکان وژیانی هەر ژنیکەوە هەیە، وە کاریگەری راستەوخۆی ئەخاتە سەر وئالوگۆری بەسەردا دەهێنێ.

نیگایەکی خیرا بەسەر رووداوو وئالوگۆرەکان و ژیانی ژنان لە وولآتانی شەرق بەتایبەت وولآتانی عەرەب زماندا لە ماوەی 40،50 سالی رابردوودا تا ئەمرۆ، مەسەلەکەمان باشتر بۆ رۆشن ئەکاتەوە.

دەیەی شەست وحەفتاکان، لەو وولآتانە ژنان لە ئاستیك لە ئازادی و ماف بەهرەمەندبوون، لەکارکردن لەمەسەلەی جل وبەرگیان لە عیشق وخۆشەویستی و پەیوەندی نیوان ژن وپیاو...ئاستیك لە پێشرەوەی هەبوو. تەنانەت بە چاولیکردنی فلیمە میسرییەکان لە دەیەی شەست وهەفتاکاندا و بەراووردکردنی بە ئیستا، ئینسان دەبینێ کە گەرانەوەدواوەیەکی گەورە لە وەزعی ژنان بەدیهاتووە. لەو فلیمانەی کە لە دەیەی شەست وهەفتاکاندا بەرهەم هاتوون تەنانەت ئەکتەرە ژنەکان لە ئازادییەکی زۆرتر بەهرەمەندن لە بینینی دەور ورۆلیان لە فلیمەکاندا، جل وبەرگیان مۆدیرنتر و کراوەتر، پەیوەندی نێوان ژن و پیاو ئازادتر و ئینسانیتر نیشاندەدرێ لەوەی کە ئیستا ئەبینرێ. لەعیراقدا لە دەیەی هەفتاکاندا مەیدانەکانی کار و خوێندن و بەشداری ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەرووی ژناندا کرابووەوە، ژیانی ژنانی بەغداد نموونەی مۆدیرنیزم بوو لە نێو وولآتانی دەورووبەر.

هاوڕێیەکم کە خەلکی شاری ناسریەیە، پێی ووتم من لە ساڵەکانی شەست وهەفتاکاندا کە لەشاری ناسریە بووم زۆر ئازادانە کچان و کوران دەست لە ناو دەستی یەك بە نیو شەقام و شوێنە گشتییەکاندا پیاسەیان دەکرد و ئەبینران، لەو شارەدا تەنانەت یەك ژنی حیجاب بەسەرت نەدەبینی، بەڵام ئەم دواییە کە چوومەوە بۆ ناسریە، مەبەستی سالی 2003 بوو یەك ژنت نەدەبینی کە حیجابی بەسەرەوە نەبێ.
من خۆم دووای جەنگ کە چووم بۆ شاری بەغداد، دەرکەووتنم بۆ خەلك شتیکی غەریب و عەجیب بوو، ئیحساسی ئیهانە و پیاوسالاریم لە چاوی خەلکەکەدا ئەخۆیندەوە، هەزاران چاو لە یەك کاتدا سەیریان ئەکردم، ژمارەی ئەو ژنانەی کە دەبینران لەسەر شەقامەکان ئەتوانرا بە پەنجەی دەست بژمێردرێ. بەکورتی دەیەی هەشتا ونەوەدەکان دەورەی هیرش بۆ سەر ژنان بوو بەشێوەیەکی هەمەلایەنە.

ئەم ئالوگۆرە بۆ؟ چ شتیك گۆراوە، تا بەم شێوەیە وەزعی ژنان بگەریتە دواوە؟
لەم دوو دەیەی ئەخیردا ئیسلامی سیاسی بەتایبەت لە وولاتانی عەرەب زماندا بەشیوەیەکی بەرچاو هاتە سەر شانۆی سیاسی و بروزی کرد. کەدیارە لیرەدا فرسەتی باسی ئەو فاکتەرانە نییە کەلەپشت گەشە و سەرهەڵدانی ئەم هێزەوەیە. ئاشکرایە کە ئیسلامی سیاسی لە دەروازەی هێرش بۆ سەر ژنان و مافەکانیان و کۆنترۆلکردنی ژنان هەژموونی و هێزی خۆی بەسەر تەواوی کۆمەلگەدا ئەسەپێنێ. ئەمە فاکتەری ئەسلی پشت ئەو گەرانە داواوەیە کە لە وەزعی ژنانی زۆریك لە وولاتانی عەرەبیدا ئەیبینین.
ئیمە لە عیراق لە دەیەی نەوەدەکاندا جەنگی کەنداومان بینی، کە بەدوای خۆیدا گەمارۆی ئابووری هینا کە تەواوی کۆمەلگەی بەسەر یەکدا نابووت کرت، حەملەی ئیمانی رژیمی بەعسمان بینی بۆ بەئیسلامیکردنی کۆمەلگە، بەهیزکردنی گروپ و دەستەوتاقمی ئیسلامیمان بینی. لەم فەزا دژەژنە فراوانەدابوو کە حیجابی فراوانی ژنان، بیکاری ملیۆنی ژنان و زیندانی کردنیان لە مالەکان، وکوشتنی ناموسی و پەراندانی سەری سەدان ژن لەلایەن رژیمەوە مانای پەیداکرد.
بۆچی لە کوردستانی عیراقدا بە هەزاران ژن لە دەیەی ئەخیردا کوژران، چونکە ئیمە لەوێ شاهیدی سەرگەردانی سیاسی و فەوزا و نەبوونی دەولەت لەهەموو ئاستەکاندا بووین، دەسەڵاتی پیاوسالار وعەشیرەتی ناسیۆنالیزمی کوردمان بینی، دەرکەوتنی گروپ و دەستەوتاقمی ئیسلامی سیاسی و کۆمەکردن پێیان و شەریککردنیانمان لە دەسەڵاتدا بینی.
مانەوەی ئیسلام چ وەك ئایدۆلۆژیایەکی باڵادەست چ وەك قانوون وکردنی بە هەویەتی خەلك لەو وولاتانەدا هۆکاریکی تری سەرەکی پشت ئەو توندوتیژییە فراوانەی دژ بە ژنە. ئیسلام کە ئایدیای توندوتیژی دژبەژنە، بەسیاسەت لە شەرقدا ماوەتەوە. ئیسلام ئەمرۆ کۆمپانیایەکی بازرگانی گەورەیە، کە ملیارەها دولاری تیا سەرف دەکرێ، دەولەتەکانی لەپشتە، زۆر کات لە غەربەوە ئاودەدرێ و رێگەی مانەوە و زیندووراگرتنی بۆ دیاریدەکرێ. تەنیا یەك نیگای خیرای دە دەقیقەیی بەسەر کەنالە سەتەلایتەکانی وولاتانی عەرەب زماندا ئینسان لەوە تیدەگات کە چۆن ئیسلام بە زۆر دەکرێ بە هەویەتی خەلکی. تەوجیکردنی خەلکی بەوەی ئیسلام هەویەتی ئەوانە سیمای سەرەکی کەنالەکانە، قسەکەرانی بەرنامە و گفتوکان شیخ ومەلا و سەرانی ئیسلامی سیاسین.
لە دوای 11 سیپتەمبەرەوە هاوکیشەی ئیسلامی سیاسی و غەرەب چووە فازیکی توندوتیژترەوە. کە لەگەل خۆیاندا دەورە وقۆناغیکی توندوتیژ و خۆیناویان بۆ سەرجەم دنیا هێناوە. هەژموونی و عەسکەرتاریەت وتیرۆریزمی ئەمەریکا ئەمرۆ سیمای دنیا دیاری ئەکات، داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئەمەریکاوە گەورەترین چوارچیوەی ئیعلامی و سیاسی بەخشیوە بە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمەکەی، کە ئەمرۆ نەك تەنها لە عیراق بەلکو جەرگەی ئەورووپاشی گرتۆتەوە. هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عیراق وداگیرکردنی ئیسلامی سیاسی بە فراوانی هینایە عیراقەوە، خەلکی عیراق هەموو دەقەیەکی ژیانیان ئەمرۆ باجی ئەمە دەدەن. ژنانی عیراق یەکەم قوربانی ئەم سیاسەت ورووداوە بوون. هەر لە رۆژەکانی یەکەمی دوای جەنگ، شەقامەکان بوون بە دوژمنی ژنان، تەنها لە سێ مانگی دوای جەنگدا بە سەدان ژن لەلایەن کۆمەلیك مافیاوە فریندران، ئەم ژنانە ئیغتساب کران، هەندیکیان بە دەستی ئەو مافیایانە کوژران، هەندیکیشیان بە دەستی خودی خیزانەکانی خۆیان کوژران. ئیسلامیەکان وەك پیشەی هەمیشەییان کەوتنە هیرش بۆسەر ژنان، لە زانکۆکان کەوتنە دژایەتی کردنی کچانیك کە حیجابیان لەسەر نەبوو. ئیستاش ئەمەریکا و تیکەڵاویکی ئیسلامی و قەومی و عەشیرەتی کە ناوی لێناوون دەسەڵات و بەسەر خەلکی عیراقدا سەپاندوونی دەیانەویت لە ریگەی دەستووریکی ئیسلامیەوە بە شیوەیەکی قانوونی رەسمیەت بە چارەنووسیکی رەش و تاریك بدەن بۆ چەندین ملیۆن ژن لە عیراقدا.

بەراستی کەسیك چاو لەئاستی ئەم هەموو رووداووە سیاسیانە بنوقێنێ و ئاکامەکانی لەسەر ژیانی ژنان نەبینێ، خەتا بخاتە سەر فەرهەنگی خەلك ئەوە ئاگاهانە یان ناگاهانە بێت کۆمەك دەکات بە مانەوەی توندوتیژی دژ بە ژن، وتوندتر کردنەوەی هەلومەرجەکە بەسەر ژیانی ژنانەوە. خەتا خستنە سەر فەرهەنگی خەلك وچاوپۆشین لەسیاسەت، ئەویش بۆ خۆی سیاسەتیکی دیاریکراوە. دواتر دەلێم مەبەست لێی چییە. لەکوردستانی عیراق وەختیك ئێمە باسمان لە گۆرینی قانوون دەکرد، ناسیۆنالیستەکان پێیان دەووتین، کیشەکە لە قانووندا نییە بەلکو فەرهەنگی ئەم خەلکە وایە و خەلکی خۆیان دوواکەوتوون، قانوونیش کە بۆ ریکخستنی ژیانی خەلکە دەبێ بەپێی ئاستی فەرهەنگی و هوشیاری خەلکی بێت. بەم مانایە ئەیانووت خەلکی شایستەی ئەم قانوونەن.
ئەوە راستە کە لەکۆمەلگەیەکدا کە قانوون ودەولەت وئایدۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار بەهەموو شیوەیەك خەلك لەسەر توندوتیژی بەرامبەر بە ژن بارببێنن، ئەمە دەبیتە فەرهەنگ و هەلسوکەوتی بەشیك لە خەلك. بەڵام خودی توندوتیژی ناتوانیت فەرهەنگ وکردەوەی بێ بناغە و بێ هۆی خەلکی بێت. خودی فەرهەنگ

زادەی مەسەلە مادییەکانی نێو هەر کۆمەلگەیەکە. فەرهەنگی دوواکەوتوانەی کۆمەڵێک کەس لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەولەت تیایدا رایگەیاندبێ کە توونتیژی دژ بە ژن قەدەغەیە و سزای لەسەرە وە هەمەلایەنە کاربکرێ بۆ بەرگرتن بە کاری توووندوتیژ دژ بە ژن، ناتوانێ کاریگەری لەسەر ژیانی جەماوەری ژنانی ئەو کۆمەلگەیە دانێ.

توووندوتیژییەك کە ئەمرۆ لە جەرگەی ئەورپادا دەرهەق بە ژنانیك کە لەشەرقەوە هاتوون دەکرێ لەلایەن خیزان وکەسوکارەکانیانەوە دەلیلەکەی سیاسەتیکە لە لەخودی ئەم کۆمەلگایانەدا پیادەدەکرێ. پێکەوژیانی کلتوور وفەرهەنگە جیاجیاکان، هەرکەس کلتووری خۆی و ئیحترام دانان بۆ کلتوورە جیاجیاکان، و قوربانیدان بە ئینسان بەخاتری کلتوور، ئەو سیاسەتەیە کە ئەمرۆ دەولەتانی ئەوروپا پیادەی ئەکەن وە ئەمەش راستەخۆ ئەکاتە زیندووراگرتنی فەرهەگێك کە دژ بە ژنە و ئاکامەکەی ئەکاتە توووندوتیژی و کوشتنی نامووسی ومەحرووم کردنی بەشیك لە ژنان لەو دەسکەوتانەی کەلەم کۆمەلگایانەدا لە بەرژەوەندی ژنان بە دەست هاتووە.

پووچی ئیدعای ئەوانەی کە دەلێن فەرهەنگی خەلك هۆکاری پشت ئەم هەموو توووندوتیژیەیە، لەوەدا دەرئەکەوێ کە کاریك کە ئیکەن پەیامیك کە ئەیدەن بە هیچ جۆریك ناتوانێ فەرهەنگی دوواکەوتوانە بگۆرێ و لە جیگایدا فەرهەنگی ئینسانی ومۆدیرن جێبکەوێ، وە ئەمانە فەعالی شتێکن کە ووجودی نییە لە دنیای واقعدا، وە کاریك ناکەن بۆ گۆرینی فەرهەنگی دوواکەوتووانە. ناوەرۆکی پەیامی ئەندازیارانی فەرهەنگی خەلك هۆکارە، ئەوەیە کە پیمان دەلێن دەست لە سیاسەت مەدەن، مەسەلەی ژن پەیوەندی بە سیاسەت و دەولەتەکان ودەسەلات و بەرنامەکانیان وقانوونەوە نییە. دەیانەوێت ئیسلام و قانوونی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی بێبەریکەن لەو هەموو تاوانانەی کە رۆژانە لە جیگا جۆراوجۆرەکانی ئەم دنیایەدا بەرێیدەخات. دەیانەوێت خەلك پاسیف کەن و لە مالّەکانیان دایانیشێنن و بێمبالاتیان کەن بەرامبەر بەوەی کە لە دەورووبەریان روودەدات.

گۆرینی فەرهەنگی دژ بە ژن کاری ئیمەیە. لە کوردستانی عیراق رەخنەی تیژ و بێ ئەملاولاو تا ئەوپەر دژ بە ئیسلام ودین فەرهەنگی سیاسی ناو خەلکی نەبوو، ئیمە رەخنە گرتنمان لە دین لە ئیسلام هینایە ناو فەرهەنگی سیاسی کۆمەلگەوە. لە کوردستانی عیراق لیدان لە ژن وکوشتنی نامووسی شتیکی ئاسایی بوو وە کۆمەلگە پێی حەساس نەبوو، ئیمە یەك کیشمەکیشی سیاسی وە کۆمەلایەتی توووندمان لەدژی توووندوتیژی دژ بە ژن بەرێخست، و توووندوتیژیمان وە یەك فەرهەنگی قێزەوون و ناشرین لە کۆمەلگە و لەنیو رای گشتیدا جێخست. لە کوردستانی عیراق ریزگرتن لە 8ی مارس و دەربرینی نارەزایەتی و گرتنی مەراسیم لەم رۆژەدا فەرهەنگی باو نەبوو، ئیستا فەرهەنگی ئەو کۆمەلگەیەیە.

بەکورتی لە کۆتایی قسەکانمدا ئەمەویت بلیم، ریشەی توووندوتیژی دژ بە ژن ئەوەتا لە نیزامی هاوچەرخی سەرمایەداری ئەمرۆدا، لە کۆمەلگەیەکدا ئەتوانین باس لە ریشەکێشکردنی توووندتیژی دژ بەژن بکەین کە ئازادی بە مانای تەواوی ووشەکە، یەکسانی ئابووری و سیاسی وکۆمەڵایەتی نیوان ژن وپیاوی تیا مەیسەر بیت، کۆمەلگەیەك کە بۆ پاریزگاری و سەلامەتی رۆحی و جسمی هاووڵاتیانی لەهەر جۆرە توووندوتیژییەك، ئیمکاناتی پێویستی بەخەرج دابێت و تدابیری پیویستی لە دەستوور کاردابێت.

گەر کەسێك لێم بپرسێ لە ئەمرۆی دنیادا ریگەی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئاوها بە نمونە لە عیراقدا چییە؟ وە چ وەڵامیکی سیاسی پێویستە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە؟ دەڵێم کۆتاییهینان بە عەسکەرتاریەت و هەژموونی و تیرۆریزمی ئەمەریکایی لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە کۆتاییهینان بە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی و مالئاوایی کردنی ئەم بزووتنەوەیە لە شانۆی سیاسی ئەمرۆی دنیا.